www.kurdistannet.org
15-11-2005 20:31 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئیسماعیل حەمە دەمین دەنگێکی گەنجانەو روانینێکی نوی.... ئامانج عەبدوڵا سوور



کەم نین ئەو قەڵەمانەی بە هەڵوێستەوە دەناسرێنەوە بەڵام جێی بایەخە ئەوکاتەی چیرۆك نوسێك خۆی لەقەبەڵی واقیعێك دەنی کەبەزمانێکی پاراوەنوسری زۆر زوو بەخوێنەرانی ئاشنا دەبێتەوەوئەوکاتەش کە لەتاراوگەدا دەژی بەدەم خەمی نیشتمانەوە گینگڵ ئەخوات، ئیسماعیل حەمەدەمین ئەو چیرۆك نوسە لاوەیە کە ئەگەر لەرۆمانی (گورگێك لەئاسمان کەوتە خوارەوە) دا خۆی ناساند ئەوا لە نۆفیلای (شتێك لەقوری خورافە) دا گەیشتە لوتکە ئەوەدەمەی وەسفی باری مرۆڤێکی تادوائەندازە باوەرکردوو بەیۆتۆپیا دەنەخشێنی وگری دەداتەوە بەبارێکی میتافیزیکی وسەرەنجام ئاوێتە بەفەنتازیای نوسەر کۆتایی بەژیانی دێت..

چۆن کافکا لەیەکێك لەچیرۆکەکانی دا پاڵەوانەکەی خۆی لی دەبێتە قالۆنچە ودووبارەبوونەوەی ژیان بەوشێوەبازنەییەی کەئەمرۆ ئێمە پێوەی سەرگەردانین هەراسانی کردوە ئاواش ئیسماعیل حەمەدەمین واقیعی پاڵەوانەکەی تەرجومەدەکات و کاریگەریەکانی بەعسیزم وشیرازەی تێکچووی کۆمەڵ ئەبەستێتەوە بەوهەموو نەهامەتی وکارەساتەی کە داگیرکەر بەسەری دا سەپاندووە، (مەنع تەجەول) بوەتە تەرەوەرەیەکی دیاری ئەو نۆفێلایە کەساڵانی حوکمی بەعس بوبو بەودێوەزمەیەی بەدوای تەمەنی هەموو گەنجێکەوەبوو لەدووریانی هەڵبژاردنی فیرار یان هەڵبژاردنی سەربازی کەدواویستگەی بەرەوئایندەیەکی نادیاری دەبات، ئەمە جگەلەوەی باری سایکۆلۆجی پاڵەوانەکەی بەسەلیقەیەکی ووردەوە نەخشاندووەوهەمیشە لەرەش بینی دا دەژی، کەدێتە سەر وەسفی ناوچەکەشی کە شاربازێر دەگرێتەوە تەنها بابەتەکە لەوەدا چر ناکاتەوە کەوەسفێکی سەرپێی بکات بەڵکو لەرووی جیۆلۆجی وزانستیەوە دێتە ناوباسەکەیەوەو دواتر باس لەتورەبوونی بەردی چیاکان دەکات وەك ئەدۆنیس نوسیویەتی (بەردەکان نامرن چونکە خۆیان مردوون)...

لەهەوڵێکی نوی دا ئیسماعیل حەمەدەمین کار لەسەر لایەنە زانستیەکان دەکات و لەسەرگوزشتەیەك زیاتر بەیان ئەکات..

ئیسماعیل حەمەدەمین جگەلەوەی چیرۆك نوسێکی سەرکەوتووە هەمیشە لەخەمی گەنج دایەودۆستایەتی وهاورێیەتی رۆشنبیرانی لەدەسەڵات پی باشترەوبۆ جارێکیش چی یە لەستایشی دەسەڵات دا دەربارنەبووە...

ئەولەپەیوەندیەکی دا پی راگەیاندم کە داخی ئەوبەناورۆشنبیرانەی کەبەدەمامکەوە لەخزمەتی دەسەڵات دان وولاتی بەجی هێشت.. ئاخر تائەم ساتەش دەسەڵات لە پەیامی رۆشنبیران نەگیشتووە بۆیە رۆشنبیرێکی ئیزدواجی لەنوسەرێکی بەهەڵوێست پی باشترە..

ئەم چیرۆك نوسە بەهەڵوێستە لەخەمی بەردەوامی هاورێکانی دایە رۆژانی رابردوو ئیمیلێکی بۆ کردم تیای دا سایتێکی بۆ رەوانەکردووم کەپراوپرە لەئەدەبیات، ئەمە جگەلەوەی لەتاراوگەش لەهاوری ئەدیب ورۆشنبیرەکانی دانەبراوەوهەمیشە لەهەوڵی دواندن دایە لەگەڵیان.. چەند رەخنەگربین لەئاستی کاڵفام ودەربارودەمامك بەستوەکان هەزارهێندەش دەبی لەستایشی بەهەڵوێستەکان دا بین، هەرهیچ نەبی بۆ هاندان، رۆشنبیر بەدیدگای من ئەوکاتە بابەتێکی لەدایك ئەبی کەدیاردەیەك بەباری پۆزەتیف ونێگەتیفیەوە کاریگەرە لەسەری.. ژان دەمگری گەر راستیەکان وەك خۆی نەدرکێنم...